# قەیرانی وەلاء

د. ناسح قەرەداغی



ساڵی ١٩٨٠، کۆمەڵێک قوتابی لە یانەکەی زانکۆی سلێمانی دانیشتبووین سەیری یاریی نێوان هەڵبژاردەی ئۆلۆمپیی عێراقو کوەیتمان دەکرد، ریزێک قوتابی عەرەبیش لە پشتمانەوە بوون. لەپڕ کوەیت گۆڵێکی کردو ئێمەش هەموو لە خۆشیان هوڕامان کێشاو هەستاینە سەرپێ. عەرەبەکان حەپەسان، دیاربوو لەخۆیان دەپرسی ئەم کوردە کوەیتییانە لەکوێوە پەیدابوون!!! ئێمەش کە هەستمان بە حەپەسانی ئەوان کردبوو سەیرمان دەکردنو زیاتر چەپڵەمان لێدەدا (تێبینی، کەسیش بانگ نەکرا بۆ ئیتیحاد).

کاتێک کە حکومەتمان بەدەست داگیرکەرانی کوردستانەوە بوو، لە هەموو شتێکی حکومەت بە شک بووین، چونکە دڵمان کورد بوو، چونکە گیانمان کورد بوو، چونکە باوەڕمان بە دوژمن نەبوو، چونکە وەلائێکی شێلگیرانەمان هەبوو بۆ خاکو نەتەوە. ئەم وەلائە دەبێت هەستێکی سروشتی بێت لای تاکەکانی هەموو نەتەوەیەک. کاتێک هەست دەکەیت تۆ بەشێکی لەم کۆمەڵە خەڵکە، با هەندێکیشان لەگەڵت کۆک نەبن، کاتێک هەست دەکەیت تۆ خەمخۆری ئەم خاکەی، با بستێک زەویشی بە ناوی خۆتەوە نەبێت، کاتێک هەست دەکەیت تۆ پارێزەرێکی ئەم زمانە شیرینەی، با نووسەریش نەبیت، ئەمە وەلائە. بەبێ ئەم جۆرە هەستە نەتەوە ناتوانێت زامنی مانەوەو بەرەوپێشچوونی خۆیو خاکی بکات.

بەداخەوە ئێستا وا هەست دەکرێت کە ئەو هەستە لە کزیدایە. بە بیری من هیچ کاتێک بارودۆخی گشتیی ئەوەندەی ئەمرۆ بە زیانی وەلائی نەتەوەیی نەبووە. لە کاتێکدا جاران ئاراستەی جموجۆڵو هەستو نەستی تاکەکان بەرەو سەنتەری بەرژەوەندیی میللەت بوو، ئەمرۆ پێدەچێت رەوتەکە وەکو جوڵەی تەنە ئاسمانییەکان لە سەنتەرەوە بەرەو کەنارەکانی گەردوون بێت. بە مانایەکی تر لەوە دەچێت هەموو کەس بیەوێت پشت بکاتە هەموو کەسو خاک.

ئێستا کە حوکمڕانی بێگانە نەماوە لەسەرمان تا بە یاسای کاردانەوە، قینو کەفوکوڵمان بەگوڕمان خاتەوەو بمانداتە پاڵ یەک، لەوەدەچێت وا بزانین ئەم وەلاء و خەمخۆرییە لە سایەی حکومەتی کوردیدا پێویست نییە. یاخود لەوانەشە زۆر چاک بزانین، بەڵام دیسانەوە بەکاردانەوە ئەم رێگەیەمان گرتبێتە بەر، یانی بە کوردییەکی خۆمانە «لە رقی دەسەڵات». رەنگە هەرواش بێت، واتە وەک چۆن ئێمە لە قینی دەسەڵات چەپڵەمان بۆ کوەیت لێدا، ئێستاش هەر لە قینی دەسەڵات ئەم هەڵوێستەمان گرتبێتە بەر. ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە کاتێک لەنێوانی دەسەڵاتو هاوڵاتیدا قەیرانی باوەڕ بە یەکبوون دروست دەبێت، یانی دەسەڵاتدارو بێ دەسەڵات دەکەونە مونافەسەیەکی رانەگەیندراوەوەو هاوڵاتی وا هەست دەکات دەسەڵات بێمنەت لە بورجێکی عاجیدا دانیشتووەو ئەمیش لەبن شووورای بورجەکەدا هەڵتووتاوە.

لەو باوەڕەدام، بە بیری منو بەلەبەرچاوگرتنی سەردەم، هیچ کاتێک ئەوەندەی ئێستا گلەیی لە بەفیڕۆدانی پارەی گشتیی نەکراوە، هیچ کاتێک ئەوەندە تۆمەت نەخراوەتە پاڵ دەسەڵاتدار (بە هەق یان ناهەق)، هیچ کاتێک ئەوەندە گلەیی لە خزمەتگوزاری گشتیی نەکراوە، هیچ کاتێک ئەوەندە کاروباری دەوڵەتی بە گەن دانەنراوە، هیچ کاتێک ئەوەندە سیاسەتو سیاسی بە سووک سەیرنەکراوە، هیچ کاتێک کوردایەتی ئەوەندە نەپەشۆکاوە، هیچ کاتێک ئەوەندە کەناری جادە بە بوتڵە بیرەو شووشە شکاو پیس نەکراوە، هیچ کاتێک جوتیار ئەوەندە لە کێڵگەو کرێکار لە کارخانەو فەرمانبەر لە فەرمانگەو گەنج لە وەزعی خۆی نەتۆراوە. بە کورتی وا هەست دەکرێت کە هیچ کاتێک ئەوەندەی ئەمرۆ خاکو نەتەوە لای هاوڵاتی بێخەم سەیر نەکرابێت. ئەم هەموو «کراو»انە کاردانەوەی هاوڵاتین بۆ بارودۆخێک، کە تا رادەیەکی زۆر دەسەڵات لێی بەرپرسەو ئەم قەیرانی وەلائەی دروست کردووە. هەتا ئەو کارانەی دەسەڵات بەردەوام بن، کە بوونەتە هۆی ئەم جۆرە کاردانەوەیە، رەفتاری هاوڵاتیش سلبی تر دەبێتو زیانمەندی یەکەمیش خاکو نەتەوە دەبێت.

بەگوڕخستنەوەی وەلائی نەتەوەیی پێویستی بە شکاندنی ئەم بازنە کوێرەی کارو کاردانەوەیە لەنێوان دەسەڵاتو هاوڵاتیدا. ئەمەش نە بەوە دەبێت نکۆڵی لە قەیرانەکە بکرێتو نە بەوەش تاوانی هەموو وەزعەکە بخرێتە ئەستۆی یەک تەرەف. هەنگاوی یەکەم پێویستە لە دەسەڵاتەوە دەستپێبکات بۆ بەدەستهێنانەوەی هەندێک لە ئیعتیمادو سیقەی هاوڵاتی. بەڵام ئەمە هەنگاوێکە هێجگار گەورەو زەحمەت، کە لەخۆبوردەییەکی دەروێشانەی دەوێت لە سوودمەندەکانی پەنا دەسەڵاتەوە، بەڵام ئایا دەروێشایەتی (بۆ گشت نەک بۆ شێخ) رەواجی ماوە!!!

# خۆرهەڵاتی کوردستان

## (هاوپڕۆژەیی داگیرکەرو دژەکانی)

مەحمود شێرزاد



حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان ئەگەر سەردەمێک وزەیەکی ئەرێنیو چالاک بووبن، ئێستاسێبەرێکی بەتەواوی نەرێنیو پاسیڤن. هەرچەندە من هەرگیز لەسەر ئەو باوەڕە نیم حیزبایەتیو ئەو میتۆدەی حیزبەکانی ئێمە بەرجەستەیان کردەوە بە نیسبەت کێشەی کوردەوە هەرگیز پۆزەتیڤ بووبێت. ئەوەش قسەیەکی بێ بنەما نییە، بەڵکو ئەزموونو بەڵگەو دەرئەنجامە.

ئەوەی تا ئێستا ئێمە وەکو نەتەوەی کورد لە رێگەی حیزبایەتییەوە دەستمان کەوتووە، بە کورتی بریتین لە: پارچە پارچەکردنی وزەو ئیمکاناتی نەتەوەیی، سیستماتیککردنی بیرۆکەی خۆخۆریو خۆکوژی گشتی، مەشروعییەتدان بە جەنگی براکوژیی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای حیزبی، خەسارکردنو بەلارێدا بردنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی بەهۆی میتۆدە هەڵەکانیانەوە، قوڵکردنەوەی کەلێن لەنێوان چینە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەداو زیندووکردنەوەی هەندێ چینو عەقلییەتی ترسناکی کۆمەڵایەتی، جێگیرکردنی میتۆدی ناعەقڵانی لە کۆنەستی کۆمەڵایەتیدا، بۆ نموونە شێوازی چەکداریی وەک شێوازی سەرەکی، پێشکەشکردنی نموونەیەکی ناشرین لە خەباتی گروپیی، قوڵکردنەوەی زیاتری کەلێنەکانی نێوان کوردو داگیرکەرانی کوردستان بەهۆی ناسیاسیی بوونەوە، بێزارکردنی هەندێ بژاردەو وزەی کۆمەڵایەتی لە خەباتو کوردایەتیی، بوار خۆشکردن بۆ پەرەگرتنی دیاردەی جاشێتیو کردەوەی نابەرپرسیارانەو کاڵکردنەوەی ئینتیمای نەتەوەیی، خەساندنی هەندێ لە هێزەکانی ناو کۆمەڵگەو هەڵوەشاندنەوەی چالاکییە جیاجیاکانو...هتد.

حیزبەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان ئێستا سێبەرێکی تاریکن بەسەر واقیعی کۆمەڵگەکەیاندا، بەجۆرێک هەر یەکەو بە داگیرکەریشەوە برێک لە گۆڕەپانەکەی بە شێوەیەکی نەرێنی بۆ خۆی داگیرکردووە. ئێستا راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دوولایەن کۆنترۆڵی گۆڕەپانەکە دەکەن، یەکەم: داگیرکەری کوردستان بەشێوەیەکی راستەوخۆو لە رێگەی دامەزراوە حکومییەکانەوە کۆنترۆڵێکی هەمەلایەنەو سیستماتیکی کۆی ستراکتۆرە بەرجەستەکەی کردووە. دووەم: حیزبەکانی دەرەوە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هەریەکەو بەشێک لە ستراکتۆرە شاراوەکانی ناو کۆمەڵگەی بۆخۆی قۆرخ کردووە. لێرەوە لایەنی سێیەم کە بریتین لە کۆمەڵێک چالاکی سیاسییو رووناکبیری، کە دەیانەوێت سەنتێزێک دروست بکەن، بە هەردوو شێوەی راستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو دوو هێزەی دیکەوە کۆنترۆڵو بەشێوەیەکی تراژیک سەرکوت دەکرێن. لێرەوە داگیرکەر هەرچی ئیشی نامرۆڤانەو دیکتاتۆرانەی کە دەیکات، ئەوەیە ئەرکی داگیرکەرانەی خۆی بەجێدەگەیەنێت، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە؛ ئەرکی راستەقینەو مەشروعی حیزبەکانی دەرەوەو بژاردەو چالاکەکانی ناوخۆ چییە؟

ئەرکی راستەقینەی حیزبەکان بەر لە هەر شتێک بریتییە لەوەی کە پرۆسەی خەباتی نەتەوایەتییو سیاسیی بە شێوازو میتۆدیکی عەقڵانی بەڕێوەبەرێت، بە جۆرێک کە بوونو چالاکییەکانی بزوتنەوە لە خراپترین حاڵەتیشدا دەستکەوتی بۆ نەتەوەو بارودۆخی گشتی تێدا بێت، نەک ئەوەی کە لە باشترین حاڵەتیشدا شۆڕشو شۆڕشگێڕان خەسار بە بزوتنەوەو پرۆسەو جموجۆڵە سیاسییەکان بگەیەنێت. بزاڤی کوردایەتی ئێمە چ سەردەمی شاخو چ لەو سەردەمەدا زۆرترین خەساری لەو بوارەوە بەرهەمهێناوە. کە یەکێک لە تازەترین خەسارەکانی ئەوەیە بەبێ ئەوەی خۆی هیچی لە جەنتادا بێت، لە دوورەوە بەشێوەیەکی سوننەتی گۆڕەپانەکەی قۆرخکردووە، واتە بە کردەوە دەکرێت بڵێین وزە ناوخۆییەکان لەناو دەبات، چونکە یەکەم: ئەو وزانە ئەگەر بارودۆخێکیش بێتە ئاراوە، ناوێرن دەرکەون، دووەم: ئەگەریش دەرکەون، ئەوە زۆر زوو لە رێگەی ناوناتۆرەو گومان خستنەسەرەوە پاشەکشەیان پێدەکەن. لێرەوە ئەرکی سەرەکی ئەو لایەنیان پەرەپێدانی هەنگاو بە هەنگاوی هەستی مەدەنی - سیاسییە لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە نەتەوەییەکان.

لێرەوە دەکرا ئەو لایەنە ناڕاستەوخۆو پێناسەنەکراوو هاوتەریب بوایەنو لەپێناو یەک ئامانجدا لە ئیمکاناتو تواناییەکان کەڵکیان وەرگرتبایە. بەڵام هێزەکانی دەرەوە یان بەشی هەرە دڵسۆزی هێزەکانی ناوخۆیان پاسیڤکردووە، یان بەشە هەستیارەکەی دیکەشیان لە باوەشی داگیرکەر هاویشتووەو بەو شێوەیە لەناوخۆی ئێرانو لەناوخۆشیاندا خزمەتی ئامانجەکانی داگیرکەریان کردووە.

ئەزموون پێمان دەڵێت: کورد بە حیزبایەتییو چالاکی گروپیی لەسەر دەستی ئایدۆلۆژیاو حیزبەکان هەرگیز رزگاری نابێت، کورد لەو میللەتانەیە لە ئیشی گروپیدا سەرناکەوێت، هەربۆیەش پێویستی بە کەسایەتییەکی بان حیزبی هەیە، بە جۆرێک بتوانێت بەشێوەیەکی نەتەوایەتییو سیاسییو ئەخلاقیی رێبەرایەتی چینو توێژەکان بەرەو یەک ئامانجی سەرەکی، کە ئەویش رزگارکردنی کوردو کوردستانە، بکات.

# با یادی ئازاد هەورامی بکەین بە رەمزی کوردستانی بوونی کەرکوک

سەلام زەندی

پێدەچێت سەرکردایەتی کورد پلانی ستراتیژیی نەبێت بۆ مەسەلەی کەرکوک، هەر بۆیە کەرکوک وەک کێشەیەک ماوەتەوە. بۆ کوردستانییەکان کەرکوک کوردستانەو بۆ دەسەڵاتی بەغداش کەرکوک عەرەبییە، نەک تورکمانی. سەرکردەکانی تورکمانیش لەنێو جەبهەدا بە گشتیی وا کاردەکەن، کە کەرکوک نەگەڕێتەوە بۆ کوردستان، بێئەوەی بیر لە سەرئەنجامی ئەو کارە بکەنەوە.

کاتێک نەیارانی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەتی بیردەکەنەوە، دیارە داکۆکی لە بەرژەوەندییەکانی خۆیان دەکەن، بۆیە وا بیردەکەنەوەو واش رەفتاردەکەن. ئەوەی سەیرە کە دەسەڵاتی کوردستان، پێدەچێت لە کەرکوکدا بۆ بەرژەوەندیی خۆی کارنەکات. لاری لەوەدا نییە کە لە چوارچێوەی دیموکراسیدا، ناکۆکیو پاراستنی بەرژەوەندیی لەنێوان هێزە جیاوازەکانی کوردستاندا هەیە، ئەمە کارێکی ئاساییە. کێشەکە لەوێدایە کە ئەم ململانێیەی هێزە کوردستانییەکان لە جوگرافیایەکدا دەکرێت، کە هێشتا کێشەی نەک تەنها ناوخۆیی، بەڵکو ناوچەییو بگرە نێودەوڵەتیشی تێدا یەکلا نەکراون. بەرامبەر کێشەیەکی لەم بابەتەو بەم سەنگە دەبێت دەسەڵاتدارانی کوردستان ستراتیژێکی قووڵو دووربینانەیان داڕێژاباو میکانیزمی گونجاویان هەڵبژاردبا. دیارە ئەم خۆسازدانە لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشەی کەرکوکدا نەکراوە. شێوەو سەرئەنجامی دەنگدانیش بۆ مادەی ٢٤ لە پەرلەمانی عێراقدا دەریخست، کە لە بەغدا پاش ئەو هەموو کوشتارەی شیعەو سوننە، نەیارانی کوردستانییەتی کەرکوک کۆکن.

من پێموایە نەبوونی ستراتیژێکی کوردستانی بۆ کەرکوک هۆی هەموو ئەو کێشانەیە، کە ئێستا رووبەڕووی دەسەڵاتی کوردستان لە کەرکوکدا دەبێتەوە.

من پێموایە کە هێشتا درەنگ نییە بۆ ئەم جۆرە خۆڕێکخستنە. کوردستانی بوونی کەرکوک نە بەڵگەنامە مێژووییەکانو نە جوگرافیاو نە ئەنترۆپۆلۆژیاو نە دیمۆگرافیاو نە تۆبۆگرافیاش نکۆڵی لێدەکات، ئەوەی بۆ کوردستانییەتی کەرکوک کار ناکات، پێدەچێت خودی کوردستانییەکانن. کوردستانییەکانیش، بەگشتیی خۆیان لە دوو حیزبی کوردستانی دەبیننەوە. بۆیە هەرکاتێک ئەم دوو حیزبە دەستبەرداری بەرژەوەندیی حیزبایەتی ناکوردستانی خۆیان ببن، کەرکوک بێ ١٤٠یش دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان. ئەمە تەنها قسەیەکی سەرزار نییە. لە مێژوودا بەڵگە زۆرن کە تەنها ویستی سیاسیی یەکگرتوو دەتوانێت سەرکەوتووانە کاری لەم قەبارەیە ئەنجام بدات، کێشەی ئێرلەنداو یەکگرتنەوەی ئەڵمان بۆ نموونە.

هەم خەڵکی کەرکوکو هەم حیزبەکانو سەرکردەکانی حیزبەکان دەزانن، کە لە کەرکوکدا حیزبایەتی نەک کوردایەتی کراوە. پێش هەموو شتێک دەبێت دان بەمەدا بنێین. لە هەیکەلی تێگەیشتنی ئینسانی کورددا، لەنێو چوارچێوەی هۆشو تێفکرینی تاکی کورددا وەفاداری بۆ حیزب (خێڵ، ناوچە، گەڕەک) پێش وەفاداریی بۆ خاکو نەتەوەو خەڵک کەوتووە. ئەم بەڵایە ئەگەر لە سەرکردەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانەوە هەڵنەقوڵابێت، ئەو سەرکردانەشی گرتووەتەوە. جا حیزبایەتیکردن لە کەرکوکدا خەڵکی سادە نایکات، بەڵکو سەرکردەکان پلانی بۆ دادەنێن.

یەکەم هەنگاو بۆ چارەسەرکردنی ئەم بەڵایە، ئەم نەخۆشییە کوشندەیە بڕیاردانە بۆ دروستکردنی ژووری چالاکی لە کەرکوکدا، کە تەنها حکومەتی هەرێم سەرپەرشتی بکات، نە مەڵبەندو نە لق. دەبێت هەموو کاروکاردانەوەو پلان لەم ژوورەدا ئەنجام بدرێن. سەرپەرشتیکردنی چالاکییەکانی ئەم ژوورە نەک حیزب، بەڵکو حکومەتی هەرێم بیکات. ئەندامانو کارمەندانی ئەم ژوورە دەبێت خەڵکی کەرکوک بن، تورکمانو عەرەبیش تێیدا کاربکەن.

کەرکوک دەبێت یەک سیمبولی هەبێت، ئەویش کاک ئازاد هەورامی بێت. کاک ئازاد نەک بۆ یەکێتی، بەڵکو بۆ کوردستان گیانی فیداکرد. کاک ئازاد وەک کەرکوکییەک بۆ کوردستانییەتی کەرکوک خەباتی کردو گیانی لەدەستدا. بوونی کاک ئازاد بە هێمای کوردستانییەتی کەرکوک وروووژانێک لە زیهنیەتی کورداندا دروست دەکات کە شەهیدان، لەراستیدا خەباتیان بۆ حیزب نەکردووە، بەڵکو بۆ نیشتمان. با ئازاد هەورامی بکەین بە رەمزی کوردستانی بوونی کەرکوک. با ئاڵای کوردستان نەک ئاڵای حیزب، وێنەکانی کاک ئازاد هەورامی لە کۆشبگرێت.